**Referendum Movement in Kurdistan**

<u>بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وڵات</u>

بۆ گەلی کوردستانی تێ کۆشەر
بۆ ئیدارەی یەکگرتووی کوردستانی باشور

بزووتنەوەکەمان لە دەرەوەی وڵات پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و هەردوو ئیدارە کوردی دەکات بەبۆنەی یەکگرتنەوەیان وبە هیوایەکی زۆرەوە دەروانێتە ئەم هەنگاوە مێژوویيە گرنگە و بە ڕووداوێکی گرنگی دەزانێت بۆ هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان .

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بزووتنەوەکەمان وەک هەموو توێژ و ڕێکخراوەکانی گەلەکەمان هەمیشە و لە هەموو چالاکیەکان و چاوپێکەوتنەکان و یاداشتەکانیدا هەڵوێستی ڕوونی هەبووە لەو ڕووەوە و داخوازبووە کە ئەو کارە مێژووییە دوا نەخرێت و نەکەوێتە هەکبەی قەیرانی سیاسیەوە چونکە هێزی کورد لە یەکبوونیدایە و ئەو یەکبوونە لە هەموو کات زیاتر پێویستە بۆ خزمەتی کێشەکەی .
بزووتنەوەکەمان کە خەباتێکی یاسایی هاوچەرخی خستوەتە ئەستۆ لەپێناوی بەدیهێنانی بریارێکی ناوخۆیی یان نێو نەتەوەیی بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان و خەبات بۆ کوردستانی سەربەخۆ دەکات ئەوا ئەم هەنگاوە تینێکی بەگورتر دەداتە کارەکانی و فاکتەرێکی کاریگەر دەبێت بۆ بەردەوامی چالاکیەکانی و پاڵپشتێکی مەعنەوی و بەهایەکی سیاسی و یاسایی گەورە دەبێت بۆ هەنگاوەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهان و لەنێو دەزگا نێو نەتەوەییەکاندا .
پراکتیزە کردنی ئەم هەنگاوە بەدەست و بردکردن لە پێکهێنانی کابینەی یەکگرتوو داخوازییەکی جەماوەری هەنووکەییە بۆ ئەوەی چی زووە کابینەکە بەرنامەو نەخشەی خۆی دارێژێ و هێڵە گشتیەکانی کاری ئایندەی بخاتە بەر دەست گەل و پەرلەمانەکەی ، بەرنامەی

کابینەی ئایندە دەبێت ئەو راستییە بسەلمێنێت بۆ گەلی کوردستان  کە ئەو یەکبوونە تەنها چارەسەرێکی کاتی نییە بۆ گرفتەکانی ناو ماڵی کورد بەڵکو دەبێت لە رێگای نەخشەیەکی دارێژراوی زانستیانەوە کوردستان بگوێزێتەوە قۆناغێکی دیموکراتی هاوچەرخ تیایدا بنەما نوێیە مەدەنیەکان پیادە بکرێت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هاولاتیان و پێشهاتەکان و چارەسەرکردنی هەموو کێشە چاوەروانکراوەکان ، دەبێت کەشو هەوای ئازادی دابین بکرێت و مرۆڤ ئازاد بێت لە دەربرین و رێ بدرێت جەماوەر و رێکخراوە مەدەنیەکان لە پاڵ پەرلەماندا چاودێری کارامە بن بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکومەت ، دەبێت مرۆڤی کوردستانی رزگار بکرێت لە ئاسەوارەکانی ناکۆکییە سیاسیەکانی ناوخۆ و ژیانێکی ئارام و ئاسودەی بۆ دابین بکرێت و پێوەرە هاوچەرخییە دیموکراسیەکانی بۆمسۆگەر بکرێت و رەنگ بداتەوە لە ژیانی رۆژانەیدا .
باکابینەی ئایندە مافی دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردستان بکاتە دروشمێکی سەرەکی لە  بەرنامەکانی و کار بۆ جێگیرکردنی ئەو بەندە بکات لە دەستوری ئایندەی کوردستان و پاڵپشتێکی بەهێز و یاسایی بێت بۆ هەنگاوەکانی بزووتنەوەکەمان بۆ بەدیهێنانی ئاواتی دێرینی گەلەکەمان لە کوردستانێکی سەربەخۆ لە رێگای وەدەست هێنانی بریارێکی نێو نەتەوەیی بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان .

سەرکەوتوبێت هەنگاوەکانی گەشەپێدانی تاقیکردنەوەی نوێی کوردی روو لە بەدیهێنانی مافی گەلەکەمان لە سەربەخۆیی .

سەری رێز و نوازش بۆ شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان .

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وڵات**
**2006 _ 1 _ 25**